
وەزیری پەروەردە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشی ئامادەیی ڕادەگەیەنێت



وەزارەتی پەروەردەی عێراق ئەنجامی تاقیکردنەوە گشتیەکانی قۆناغی شەشی ئامادەیی بە هەردوو بەشی زانستی و وێژەیی ڕاگەیاند و دەیەت، زیاتر لە ١٧٠ قوتابی نمرەی ١٠٠٪یان بەدەستهێناوە.

ئەمە دووشەممە ٢١ی تەممووزی ٢٠٢٥، دوای نزیکەی ٢٠ ڕۆژ لە کۆتایی هاتنی تاقیکردنەوەکانی قۆناغی شەشی ئامادەیی لە پارێزگاکانی عێراق، ئیبراهیم نامیس جبوری، وەزیری پەروەردەی عێراق، ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی ئاشکرا کرد و وتی، پێسکە بە وردبینیەکی زۆرەوە بڵاوکراوە.

وتیشی، ١٧١ قوتابی لە بەشی زانستی نمرەی ١٠٠٪ یان بەدەستهێناوە.

هاوکات، کچێ کوردێکی دانیشتووی خورماتوو بە ناوی (بارسا سەباح ئەحمەد)، بە کۆنمرەی ١٠٠ توانیی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت لەسەر ئاستی پارێزگای سەڵاحەدین و هەروەها یەکێکە لە یەکەمەکانی سەر ئاستی عێراق.